# صندووقەکانی دەستی من ڕێگای پەیوەندی گرتنە بەخەڵکەوە

# ئەوان تەنها سەرچاوەی بنەڕەتی داهاتی حیزبن!

## کورتە دیداریك لەگەڵ سرور عبدالرحمن کادری حیزب/لەندەن

بەدەست هێنانی کۆمەکی ماڵی، گۆشەیەکی سەرەکی هەڵسورانی کۆمەڵایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراقە. رووکردنە خەڵك‌و دانانی ئەوان وەك سەرچاوەیەکی بنەرەتی بۆدابینکردنی ئیمکانات لەپیناو وەلامدانەوە بەپێداویستییەکانی هەلسووڕانی حیزب، نیشاندانی سوننەتیکی کۆمۆنیستی کۆمەلایەتییە. سرور عەبدالرحمن کادری حیزب‌و هەڵسووڕاو لەبوواری گیرانی صندوقەکانی کوکردنەوەی کۆمەکی ماڵی لەبۆنەو خوپیشاندان‌و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی خەلکدا، نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم سوونەتە کۆمۆنیستییەیە. سرور عبدالرحمن ئەمجارەش لەخوپیشاندانی جەماوەری شاری لەندەن کەرۆژی 9/24 لەدژی جەنگ بەریخرابوو یەکجاری تر ئەم نمونەیەی بەدەستەوەگرت‌و توانی لەریگای صندوقەکانی دەستییەوە بەشەهامەتەوە رووبکاتە خەڵك‌و بەدروشمی ئازادی‌و بەرابەری‌و دیفاع لەسیاسەتەکانی حیزبەوە کۆمەك کۆبکاتەوە. ئیمە لێرەدا بۆ هەستیارکردنەوەی سەرجەم ئەندامانی حیزب بەم رەوشتە بەباشمانزانی ئەو لەبارەی کارەکەیەوە بدوینین، بەوهیوایە نمونەی ئەو سەرتاپای حیزب دابگری:

**خەسرەوسایە: هاوری سرور، سەرەتا خۆتان بناسینن‌و پیمان بلین لەکەیەکەوە بوونەتە ئەندامی حیزب؟**

سرور عبدولرەحمان: من سرور عبدالرحمان لە مانکی نۆی سالی دوو هەزاردا بووم بە ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاریی عراق. هەرچەندە من پیشتریش هەرلایەنکری حیزب بوم لە سەرەتای دروست بونیەوە.

**خەسرەوسایە: هەروەك دیارە لەخوپیشاندانی ئەمجارەی دژی جەنگدا صندوقی کۆکردنەوەی کۆمەکی مالیتان گیراوە، سەرەتا پیمان بلی چەندت کۆکردۆتەوەو کارەکەتان چەندی خایاندووە؟**

سرور عبدولرەحمان:: لەخۆپیپشاندانی ئەمجارەدا نزیکەی 500 دۆلارمان کۆکردەوە کەهەمووی چەند سەعاتیکی خایاند. ئەلبەتە ئەمەش بەهوی پشتیوانی کردنی خەلکی ئازادی خوازەوە بوو بۆ ئیمە بەتایبەتی کە هەلگری ئەو شیعارو دروشمانەبووین کەلەچاو هەموو لایەنەکانی تردا جیاوازبوون‌و ئیمە لەنیو خۆپیشاندانەکەدا وەك هیزیك کەدیفاع لەژنان‌و منالان‌و ئازدی‌و سکولاریزم لە عیراقدا دەکا دەناساند، هیزیك کە دژی داگیرکاری ئەمریکا وئیسلامی سیاسییە.

**خەسرەوسایە: هاوری سرور پیشتر صندوقی کۆرکردنەوەی کۆمەکی مالیتان گیراوە؟ یەکەمین جار چون دەستتان بەم کارەکردووە وچ شتیك هانیداون؟**

سرور عبدولرەحمان: دەست پیکردنی من بەگیرانی سندوقی کوکردنەوەی کۆمەکی مالی دەگەریتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هەستم کرد حیزب پیویستی بەئیمکاناتی مالییە بۆئەوەی دریژە بەهەلسورانی خۆی وەك هیزیکی رزگاری‌بەخش بدا. ئەوەبوو لەسالی دوو هەزارو یەکدا ولەکاتی بەشداری کردنی کۆمیتەی بەریتانیا لەخۆپیشاندانەکانی دژی جەنگ‌و گەمارۆی ئابووری ئەمریکا بۆسەرخەلکی عیراق من وەك یەکیك لەوانەی ئەرکی گیرانی صندوقی کۆکردنەوەی کۆمەکی مالیم پی سپیردرا وبەم جۆرەش ئەم کارەم دریژەپیدا، بەتایبەتی کەیەکەمجار توانیم بریك کۆمەکی باش کۆبکەمەوەو ئەمەش هانی دام تا لەخۆپیشاندان‌و ئاکسیۆن‌و پیکیتە تەبلیغاتییەکانی کۆمیتەدا هەمان ئەرك بگرمەوە ئەستۆ. ئەوەشی کەهانی ئەم کارەی دام تەنها حیزب‌و ئامانجەکانی بوو، حیزبیك کەهیچ دەولەت‌و سەرچاوەیەکی بانقی پشتیوانی نییەو وەك ئەحزابی بۆرژوازی تر سەرمایەدارانیك‌و بازارەکانیان لەپشتییەوە نییە، بۆیە گەرانەوە بۆخەلك تەنها سەرچاوەی داهاتی مالییە. بەتایبەتی کەئەم حیزبە پشتی بە خەلك بەستووە.

**خەسرەوسایە: پەیوەندی ئەم کارەتان بە کۆمیتەی بەریتانیاوە چۆن بووە؟ ئایا پیشتر هیچ کاردابەشکردنیك لەگۆردابووە یان خۆتان خۆبەخۆ هەنگاوتان ناوە؟**

سرور عبدولرەحمان: هەلبەتە ئەم کارە راستەوخۆ پەیوەندی بەکاری کۆمیتەوە هەیەو لەچوارچیوەی کاردابەشکرنی کۆمیتەدا کەسانیك دیاری دەکریت بۆپیکیهنانی تیمەکانی کۆکردنەوەی کۆمەکی مالی، بەلام ئامادەیی منیش بۆ ئەم کارە لەم نیوەدا حالەتیکی بەرجەستەیە بۆیە هاوریێیان زۆرتر من بۆ ئەم مەیدانە دیاری دەکەن.

**خەسرەوسایە: کاتیك کەئیوە بە صندوقەکانتانەوە رووتان لەخەلك کردووە هەستتان چی‌بووە؟ هاوکات ئەوانەی رووتان لیکردوون بۆکۆمەککردن بەحیزب چ کاردانەوەیەکیان بووە؟**

سرور عبدولرەحمان: بەپیی ئەخلاقیاتی شەرقی‌و سوونەتە باوەکانی نیو کۆمەلگا داواکردنی کۆمەك لە خەلکی شەرمی بەدواوەیە بەلام من هەمیشە هەست دەکەم کە صندوقەکانی دەستم ریگایەکە بۆ پەوەندگرتن بەخەلکەوە، بەتایبەتی خەلك تەنها سەرچاوەی داهاتی حیزبن. لەمبارەشەوە من لەزەت‌و سەرکەوتن لەدوای

تەواو بوونی کارەکەم دەبینم تا شەرمکردن. ئەوانەشی کە من روویان تیدەکەم لەنیو شەقامەکانو لەحالەتی خۆپیشانداندانو دەربرینی نارەزایەتیدان، ئەوانە خەلکانی ئینسانیو ئازادیخوازنو بە دوای ئەو هیزانەن کە رزگاری ئینسانیان پیۆیە، بۆیە کەم جاربووە کە صندوقەکانم بردبیتە بەردەم هەرکەسیكو داوای کۆمەکم لیکردبێت بۆ حیزبو ئامادە نەبوبیت کۆمەك بخاتە نیو صندوقەکانەوە. تەنانەت زۆر جاریش بووە ئەوان خۆیان هاتونو کۆمەکیان پیکردوین. من هەرگیز ئەوکاتانەم لەبیرناچیتەوە کاتیك ژنیك لاویك بەلامدا تیپەردەبیو دوای دورکەوتنەوەی چەند هەنگاویك کە شیعارەکانو درافتەکەی دەستمی خویندەوە دەگەریتەوەو کۆمەکی خۆی دەخاتە صندوقەکانەوەو لەمەشدا هەست بەنزیکایەتییەکی سیاسیو مەعنەوی گەورەو پشتیوانی خەلك بەحیزب دەکەم.

**خەسرەوسایە: ئایا هەستان بەهیچ گرفتیك کردووە کاتیك کەدەستتان بۆئەم چالاکییە بردووە؟**

سرور عبدولرەحمان: بیگومان لەهەموو کاریکدا گرفت هەیە، بەتایبەتی لەم کارەدا ژمارەی ئەندامانو کادرانی حیزب کەمن کە ئامادەبن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی مالی لە نیوخۆپیشاندانەکاندا هەربۆیە تیمەکانی ئیمە کەم دەبنو بەم پیۆیەش دەستکەوتمان کەمتر دەبی. لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا کاتیکی بەسودو کەم بۆ کاری کۆکردنەوەی کۆمەك ئامادە دەبی بۆیە هەتا گروپەکانی مالی زۆتربن باشتر دەتوانن برژینە نیو خەلکەوە ولەچەند قۆلەوە ئەم ئەرکە ببەنەپیشەوە. بەداخەوە ئەو هاوریانەی ئامادەی ئەم کارەین کەمینو ریشەی ئەمەش بۆ زۆرهۆکار دەگەریتەوە کەلیرەدا بوواری باسکردنیان نییە.

**خەسرەوسایە: هاوری سرور دەستتان خۆش بیت بە کاریك کەلەئەستۆتان گرتووە، بەلام وەك دواپرسیارمان ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە نمونەی وەك خۆتان لەریکخراوی بەریتانیا زیادبکەن؟ لەمبارەوە قسەتان چییە بۆ باقی هاوریانی حیزب؟**

سرور عبدولرەحمان: حەتمەن زور بیری لی کراوەتە وچەندین جار کۆبوونەوەی تایبەتیمان لەسەر ئەوە کردووە کە چون ئەم کارە فراوان بکەینەوەو گەشەی پیبدەین، بەلام بەداخەوە هیشتا بەشیکی زۆری هاورێیان هەستیار نین بەم کارەو پیویستی وزەرورەتی دەرك ناکەن، وەیا ئامادەنین دەستی بۆبەرن. دوایین قسەشم ئەوەیە کەپەیوەندی حیزبو خەلك وەك پەیوەندی ماسیو ئاو وایە، گیرانی صندوقی مالی لەنیو خەلكو داوای کۆمەك کردن لیان، یەکیکە لەوکەنالانەی کە پەیوەندی حیزب بەخەلکەوە توند دەکاتەوە، هەربۆیە ئەگەر بلیم گیرانی صندوقەکان لەنیوخەلکدا بەرلەوەی کاریکی مالی بیت، سیاسییەو هاورێیان دەبی هەرجۆرە بەهانەو ئەخلاقیاتو سوونەتیك کە ریگرە لەدەستبردن بۆئەم کارە وەلانینو بینە ئەم مەیدانەوە، چونکە حیزبیك کەلەبەسراوە تا سلیمانی کاردەکات پیویستی بەئیمکاناتی زۆری مالی هەیە، تا بتوانی هەلسورانی خۆی لەهەموو بوارەکاندا ئەنجامبدا، ئەمەش هەرلەریگای گەرانەوەی بۆ خەلکەوە بەدی دیت. هیوادارم هاورێیان بە جدییەوە بۆ کار لەم مەیدانەدا بروانن تابتوانین بەهەموو مان وەلام بە نیازەکانی حیزبو بزوتنەوەکەمان بدەینەوە و... ئیتر سوپاستان دەکەم..